# بڵاوبوونەوەی گەندەڵیی لەکوردستانی عێراقدا

**کیت کلارک/ بی بی سی**
**و: فەرەیدون ئەحمەد**

ئەستەمە گەشتیار کاتێك لەفرۆکەخانەی نێودەولەتی هەولێر، پایتەختی هەرێمی کوردستانی عێراق، دەنیشێتەوە، باوەر بەوەبکات کە ئەو لەعێراقدایە. ئەو نووسراوەی کە لەهۆلی فرۆکەخانەکەدایە دەڵێت "بەخێربێن بۆ کوردستان"، ئاڵا شەکاوەکانی فرۆکەخانەکەش تەنها ئاڵا کوردییەکانن، بەهیچ جۆرێك ئاڵای عێراقیی، بوونی نییە.

هەروەها ئاسایش و دیمەنەکانی دەولەمەندیی دەبنەهۆی ئەوەی هەست بەوەبکەیت کوردستنان زۆر جیاوازە لەناوچەکانی دیکەی عێراق، هەولێر بووژانەوەیەکی بیناسازییو ئاوەدانکردنەوەی بەخۆوەبینیوە، ئەوەتا ئاسمانەکەی چەندەها ئامێری بەرزرکەرەوە (رافیعە)و باڵاخانەی بەرزی لەخۆگرتووە. لەوێ، ژمارەیەکی زۆر ناوەندی بازارکردن (سۆپەرمارکێت)و ڤێللای رازاوەو هۆلی کۆنگرەو بارەگای گەورەی هەردوو پارتە سەرەکییەکەی کورد هەن کە ئێستا لەدەسەڵاتی هەرێمەکەدا هاوبەشن: پارتی دیموکراتی کوردستانو یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان. حکومەتی هەرێمی کوردستان لەهەولی ئەوەدایە کوردستان وەها بخاتەروو کە ناوچەیەکی ئایندەروونو پێشکەوتووو دیموکراتییە.

بەڵام لەژێر ئەم روالەتە دەرەوەییەدا، هاوڵاتی کورد لەخەباتدایە لەپێناو مانەوەدا، لەکاتێکدا ماڵوسامانی گشتی دەدزرێتو دەچێتە گیرفانی کەمینەیەکی جێبەجێکارەوە.

لەلایەن خۆیەوە دەسەڵاتی کوردی بەتوندی سزای هەر کەسێك دەدات کە بیەوێت لەنەخشەو پلانی ئەو دەرچێت، راپۆرتێکی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بڵاونەکرایەوەو بی بی سی کۆپییەکی لێدەستکەوتووە دەڵێت مانگانە دەسەڵاتدارانی کورد هەزاران هاوڵاتی دەستگیردەکەن کە زۆریان بەهۆکاری سیاسییەوەیە.

زۆربەی ئەمانە بەبێ دادگایی زیندانی دەکرێنو پەیوەندیکردن بەپارێزەریان لێقەدەغەدەکرێت.

پیاوانی کاری کوردیش لەلایەن خۆیانەوە دەترسن لەوەی بەئازادیی باس لەو گەندەلییە بکەن کەرووبەروویان دەبێتەوە، بەڵام سامان جاف کە فەرماندەیەکی پێشووی "میلیشیا"ی پێشمەرگەی کوردە، رازیبوو قسە بۆ (بی بی سی) بکات.

سامان وتی "ئەگەر تۆ نزیك بیت لەیەکێك لەسەرکردە سیاسییەکانەوە، دەتوانیت کارێکت لەحکومەتدا دەستبکەوێت لەگەل بوودجە یاخود گرێبەستێکدا کە لەوانەیە بگاتە دووملیۆن یاخود سێ ملیۆن دۆلار بۆنموونە بۆ قیرتاوکردنی رێگایەك".

سامان جاف ئەوەشی وت کە گرنگ نییە ئەو کەسە نزیکە هیچ شتێك لەبارەی قیرتاوکردنی رێگەوبانەوە نەزانێت، گرێبەستەکە چەندجارێك دەفرۆشرێتەوە تادەگاتە دەستی کۆمپانیایەکی جێبەجێکاری راستەقینە. بەڵام ئەوکات نرخەکەی نیوەی نرخی بنەرەتیی خۆیەتی.

سامان وتی بەکورتی گەندەڵی وەك ڤایرۆس وایە، کوردستان دەکوژێت.

چەند زانیارییەك کە یەکێك لەکارمەندانی وەزارەتی پلاندانانی کورد، دزەیپێکردو پێیوتیین، جەخت لەوەدەکاتەوە پرۆژە حکومییەکان بەشێوەیەکی شەفافو یاسایی نادرێنە بەلێندەرەکان. ئەو کارمەندە وتی "وەزیرەکانوگەورە بەرپرسان هەولی ئەوەدەدەن تەندەرەکان بدەنە کۆمپانیاکانی خۆیان یاخود بەو کۆمپانیایانەی کە هاورێکانیان خاوەنداریی دەکەن، تا بەشێکیان لەسوودەکەی بەرکەوێت".

### لەژێر دیمەنە درۆینەکەدا:

لەکاتێکدا ئەمە هەمووی روودەدات، هاوڵاتییانی کوردی ئاسایی لەهەولدان لەپێناو دەستکەوتنی پارووی ژیانیان، ئەوان بەدەست هەڵاوسانو بێکاریی و پچرانی خزمەتگوزارییە بنەرەتییەکانی وەك ئاوو کارەباوە دەنالێنن.

لەشاری سلێمانی، دووەم گەورەترین شاری کوردستانی عێراقو پێگەی یەکێتیی نیشتمانی کوردستان کە جەلال تالەبانی سەرۆکی ئێستای عێراق سەرۆکایەتی دەکات، دانیشتووان دەلێن تەنها چوار کاتژمێر لەسێ رۆژدا. ئاوی خواردنەوەیان دەستدەکەوێت. کارەباش لەرۆژێکدا تەنها سێ یان چوار کاتژمێر هەیە.

ئاوی پیسبوو بووە هۆی بڵاوبوونەوەی پەتای کۆلێرا. یەکێك لەو ژنانەی کە خەزووریو دوو کورەکەی بەهۆی پەتای کۆلێراوە لەدەستداوە، وتی "چەندینجار داوامان لەحکومەت کردووە یارمەتیمان بدات، بەڵام بێسوود بووە. ئەوان بەلێن دەدەنو هیچیش ناکەن".

ئەو خانمە کوردە باسی لەو ترسە دەکرد کە تووشی بووە ئەوکاتەی لەئەیلولی رابردودا پەتای کۆلێرا لەناوچەکە بڵاوبوویەوە، چونکە ئەو دەیزانی ئەو ئاوەی خانەوادەکەی دەیخۆنەوە، پیسە. بەڵام ئەو بەهۆی پچرانی تەزووی کارەباوە نەیدەتوانی زال بێت بەسەریدا.

ئەو لەکۆتاییدا وتی "کاتێك بیر لەبوودجەو ئەو ملیۆنان دۆلارە دەکەمەوە (کەبۆ بەرگرتن لەپەتاکە خەرجکرا)،و وەزعی خۆشم دەبینم، واهەست دەکەم مردووم".

لەراستییدا بوددجەی هەرێمی کوردستان زۆر زۆرە، بەشێوەیەك لەسالی رابردوودا لەشەش ملیار دۆلار تێپەریبوو، کە زۆرینەی لەبەشی هەرێم بوو لەداهاتی نەوتی هەناردەی عێراق. بەڵام جیاوازییەکی فراوان هەیە کە بەردەوام لەفراوانبوونیشدایە لەنێوان هاوڵاتییانی ئاساییو دەستەبژێری دەسەڵاتداردا.

ئاری هەرسین کە جەنگاوەرێکی پێشتری ریزەکانی پێشمەرگە بووو ئێستا لەنووسینگەی هەولێری رۆژنامەی ئاوێنەی سەربەخۆ کاردەکات، وتی "هەندێك بەرپرسی ئێستا دەبینم کە بیست سال لەمەوپێش لەگەلماندا لەچیاکاندا شەریان دەکرد، ئەوان ئەوکات نیشتمانپەروەرو نموونەیی بوون، بەڵام ئێستا ئوتومبیلی لاندکرۆزەری جامتاریکیان پێیەو ژمارەیەکی زۆر پاسەوانیان هەیە. ئەوان هاوڵاتی ئاسایی دەبینن چۆن دەژی، بەڵام شەرم نایانگرێت".

قوباد تاڵەبانی، یەکێك لەو سیاسەتمەدارانەی کە بەرەو لوتکە دەچێت. ئەو کوری سەرۆکی عێراقە. قوباد دان بەوەدا دەنێت کە کێشەی گەندەلیی هەیەو پێویستە چارەسەر بکرێت. بەڵام لەگەل ئەوەشدا سوورە لەسەرئەوەی کوردستان "تیشکی ئومێدێکە لەخۆرهەلاتی ناوەراستی فرە توندرەودا".

کورەکەی جەلال تاڵەبانی دەڵێت سیاسەتی کوردیی بەشێوەیەکی گشتی عەلمانییە، هەرێمەکەش بەهەنگاوی چروپر بەرەو گرتنەبەری ئابووریی بازاری ئازاد هەنگاودەنێت. بەپێی وتەی ئەو "ئێمە هێشتا دیموکراتی نین، بەڵام بەرەو ئەو ئامانجە دەرۆین".

### مەحسوبییەت

بەڵام قوباد خۆی یەکێکە لەدیوەکانی ئەو کێشەیەی کە هەرێمی کوردستانی عێراق رووبەرووی بووەتەوە. ئەو سەرەرای زیرەکییو توانای خۆی، تەمەنی لە سێ سال تێپەرناکات کە هەشت سالیانی بەهۆی باوکییەوە وەك نوێنەری کوردەکان لەواشنتۆن بەسەربردووە. براکەیشی، سەرۆکی یەکێك لەفەرمانگە ئاسایشییە کوردییە سەرەکییەکانە.

دەربارەی بنەماڵەی بارزانییش، هەمانشتە. ئەوان هەژموونیان بەسەر پارتە کوردییەکەی دیکەوە: پارتی دیموکراتی کوردستان هەیە. بارزانییەکان پۆستی سەرۆکی هەرێمو سەرۆکوەزیرانەکەیو سەرۆکی فەرمانگە ئاسایشییە سەرەکییەکەی دیکەیان بەدەستەوەیە.

قوباد دەڵێت "دەزانم ئەمە لەوانەیە واسەیربکرێت کە جۆرێکە لەجۆرەکانی مەحسووبییەت". بەڵام قوباد ئەوەیشی وت کە ئەو دوو بنەماڵەیە: بنەماڵەی تاڵەبانیو بارزانی، قوربانیی زۆریان داوە لەسەردەمی خەباتدا.

قوباد تاڵەبانی بەردەوامدەبێت لەسەر قسەکانیو دەڵێت "لەوبروایەدانیم کەئێمە دوورکەوینەوە لەبەشداریکردن لەژیانی گشتییدا تەنها لەبەرئەوەی نزیکین لەسەرکردەیەکەوە، بەلکو گرنگ ئەوەیە کەشوهەوایەك لەئارادابێت کە هەموو لایەك مافی بەشداربوونیان بۆ برەخسێت".

سەرجەم ئەوانەی چاوم پێیانکەوت یەکران لەوەدا کە هیچ بوارێك نییە بۆ بەراوردکردنی رەوشی ئێستاو ئەو بارودۆخەی کە لەسەردەمی سەددام حسەینی سەرۆکی پێشووی عێراقدا لەئارادابوو، ئەوکات گوندە کوردییەکان کاولکرانو دەیان هەزار کورد کوژران.

لەگەل ئەوەشدا زۆر لەکوردەکان لەوەدەترسن خەونەکانیان بەکوردستانێکی ئازادو دیموکرات، بە با بروات.

ئاری هەرسینی رۆژنامەنووس دەڵێت کوردستان هەندێکجار وەك دەولەتۆکەیەکی مافیا دەردەکەوێت، "شەفافییەت بوونی نییە. دوو پارتە سەرەکییەکە بوودجەی هەرێمەکە لەنێوان خۆیاندا دابەش دەکەن، کە پارتی دیموکراتی کوردستان دەستی بەسەر ٪٥٢دا گرتووەو بەشی یەکێتیی نیشتمانییش ٪٤٨ە. بەراستی دیموکراتییەکی سەیرە".